# سەربەخۆیی کوردستان ، سەرتان بخوات ،

# کوردستانەکەمان هەراج و تاڵان و هەرزان فرۆش مەکەن ، ئەزبەنی !!

# کۆمپانی دیلۆیت (Deloitte) ، بکوژی سەربەخۆیی ئابووری ئو حەشارگەی دز و پارەپیسان




چەند رۆژێک پاش سەردانی شاندێ ێن باڵاێت کوردستان جە بەغدا ، لە ٥ی ئەم مانگەدا سەرۆکی حکومەتی کوردستان گرێبەستەک وەگەرد کۆمپانیای دیلۆیت ئا ناوزراو واژۆ کر کو چاوەدێری کەرتی نەوت و گازی کوردستان بکاتن ژ گشت بوارێک دا بەو واتایە کو ئەم کۆمپانیا ناوزراو و گومان لێکراوە چاوەدێری دەرهێنان و گواستنەوە و فرۆتن و ساخ کردنەوە و داهات و دەرچوو و تێچووی ئەم کەرتە گرینگە ئەکات . لۆ ئەم مەبەستە ژی ئەشی ئەم کۆمپانیا دەستی بە هەموو سەرچاوەیەل زانیاری لەم بوارەدا بگات و پەیڤی ئەم کۆمپانیا دوا پەیڤ ئەبێتن و هەموو لایەک بە یار و نەیار و دۆست و دوژمن و تەبا و ناتەبا ، بە حکۆمەتی کوردستانیچەوە ئەبێ مل کەچی بن . ژ دۆزەک یاسایی دیلۆیت

بەوە تاوانبار کرا و بە تاونکار ژی هاتە ناسین کە زانیاری لایەنێکی بە لایەنی نەیاری فروشتووە و ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە دیلۆیت ئەتانێ زانیاری لە سەر کەرتی نەوت بە بەغدا بفروشێ .

لۆ ئەوانەی کە ئاگاداری هەرای هەولێر و بەغدا لە مەڕ مژاری نەوت و گازن ، پڕ باش ئەزانن کو بێجگە لەو دەنگە ساز و ناسازانەی ناوخۆی کوردستان ، ئەوە بەغدا بوو کە هەمیشە هات و هاواری بوو سەبارەت بە ناڕوونی کەرتی نەوتی کوردستان . ئەوەش کە دەسەڵاتی بەغدا بەشە بوودجەی کوردستانی پڕی هەر بەم بیانوەوە بوو کە هەتا نها ژی درێژەی هەس . گەڕانەوەی شاندی باڵای کوردستان بە سەرپەرەشتی سەرۆکی هەرێم لۆ بەغدا و هاتنە ئارای ئەم گرێبەستە لە ناکاوە ، خۆبەخۆ بیری مرۆڤ ژ بۆ وێ چەندێ دەکشینێ کو دەبێ کۆ بەغدا و هەلێر لەم مژارەدە بە نهێنی لەهەڤ هاتبن و ئەم گریبەستەش ڕیکاری جێگەی پەسەندی هەر دوو لا بێت . ئەوەش کە تێکڕای ئەندامانی شاندی کوردی لە بەغدا تا چەندە ئاگاداری ئەم بەزمە بووگن پرسێکە کە لەوانەیە خۆیان بتانن وەرامی بدنەوە .

حکومەتی کوردستان ئەم گریبەستە و ئەم کارەی وەک ڕێکاری چاکسازی ئابووری و دەسپاکی ژ بواری نەوت و گاز دەرخواردی خەڵکی کوردستان و ڕخنەگرانی گەندەڵکاری و دەس پیسی بواری نەوت و گاز ئەدات . لێ مەردم ئەشێ بزانن کو تەنانەت لە ئەگەری سەرگرتنی ئەم کارەی حکومەتی هەرێم ، دۆزی دەس پیسی و گەندەڵیی هەتا ئێستا لەم بوارە وەک خۆی ئەمێنێتەوە و دەکرێ کە هەر وەک جاران لێی بپێچرێتەوە و لێی بپرسرێتەوە ، لەوما کو لە ڕوانگەی یاسایی یەوە دۆزەکە بە چارەسەرنەکراویی ئەمێنێتەوە و گرێبەستەکەی حکومەتی هەرێم وەگەرد دیلۆیت لەم رۆ بە دواوە ئەگرێتەوە و ئی دە کۆن و هەتا پێش گریبەستەکە ناگرێتەوە . دەبێ کو ناپاکان لەم ڕۆ بەدواوە دیلۆیت وەک حەشارگەی خۆیان بکار بهێنن و دەس پیسی و گەندەڵکاریان بشارنەوە بەڵام دز و دەس پیس و گەندەڵکار رێی هەڵاتنیان جە کردەی دزیوی پێشوویان نیە ، ئەزبەنی !

لەوانەیە کە فرەیەک جە مەردم کوردستان ناسراویی و زانیاریان ژ کۆمپانیای دەلۆێت کە هەندێک تەنانەت وەک مافیای ناوچاو قەشان ، یان مافیای بەرگ-کلۆنجە ڕێ ڕێ ، ناویان ئەبەن ، نەبێت ، لێ ئەشی هەمووان گەلەک باش بزانبن کو ئەم کۆمپانیا پاشەڵ پیسە بە خۆرای کار ناکات و کرێی ئەم گرێبەستەی لەل حکومەتی هەرێم لەوانەیە کە خۆی لە دەیان و سەدان ملیۆن دۆلاری ئامریکایی بدات . ئەمەش دیسان ویژدانی خاوەن ویژدانان ئەهەژێنی بەوەی کە جە دۆخی قەیرانی ئابووری چەند ساڵە ، حکومەتی کوردستان مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و تەنانەت پێشمەرگەی لۆ هەڵ ناسووری و بەشێکی بەرچاوی مووچەی خەڵکی پریوە کە تەواوکەری مووچەپڕانی حکومەتی ناوەندی بەغدایە بە کردەوە . جێگەی پرسیارە کە لە وەها دۆخێک دا چۆن چۆناهی دەسەڵاتی کوردستان جە باشوور بوار بە خۆی ئەدات کە سەدان ملیۆن دۆڵار لۆ وەها

گرێبەستێک و هاوشێوەکانی وەکی بەزمی بایۆمیتری لە بۆ هاوولاتیان و مووچەخۆران ، تەرخان ئەکاتن . وادیارە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەخشان و پەخشان کردنی سەدان ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیا دەرەکیەکان کەمی نەهێناوە و کورت ناهێنی ، لێ لۆ خڵکەکەی کوردستان دەس کورتە و خزێنەکەی بەتاڵە کە تووڕەی بەربلاَی خەڵک وەلێ کەفتگەسەوە ، بە ڕەوا .

خالەک گەلەک گرینگ ئو باڵکێش لە پێوەندی وەگەرد گرێبەستەکانی ئەم دوایانەی حکومەتی هەرێم لەگەل کۆمپانیا دەرەکیەیەل ئەوەسە کە پرسێ یاسایی کار و کردەوەی حکومەتی هەرێم بێتە هولێ و بزانرێ کا چاڤا دەسەڵاتی سیاسی جە باشوور کار و فرمانی خۆە دەمەشینێ . ئەرێ چ یاسایەک هەنە کە ڕێ بە حکەمەتە لەرزۆکەکەی هەرێم بداتن لۆ وسا هەڵس و کەفتێک . ئەوانەی کە شارەزان جە ڕێکاری دیلۆیت و سێ کۆمپانیای ژمێریاری دیکەی هاوشێوەی کە بە تێکڕا وەکی چوارینەی مافیایی و دەس پیسی و گەندەڵی و دزی و درۆ و فێڵەبازی ناسراون ، خوەش مەزانۆ کە لق و پۆی ئەم کۆمپانیانە پشت بە یاسای ئەو وڵاتانە کارو باریان ئەمەشێنێ کە تێایان دا کاران . ئەمێ دەزانین کو یاسایەک هانا ژ باشوورێ کوردستان تونەیە و دەبێ کو یاسای عێراقی ئانکو بەغداد بنەمای کار و باری دیلۆیت پێک بهێنێ . ئەمەش ئەو گومانە فرەتەرتەر بەهێز ئەکات کە گرێبەستەکەی دیلۆیت تەڤ حکومەتی هەرێم ئەشێ فیت و فێڵ و تەپکەی بەغدا و ئاکامی سەردانەکەی شاندی باڵای کوردستان لە بۆ بەغداد بوویێت .

مەترسی تەپکە و تەونی بەغدا لەوەدا فرەتەر ئەبێتن کە لە ئەگەری چەوتی و چەواشەکاری و گزی و فزی دیلۆیت ژ بواری نەوت و گازی کوردستان کە فرمانێکی فرە چاوەڕوانکراوە گۆڕ کارنامەی ڕەش و دزێوی دیلۆیت ، حکومەتی هەرێمی کوردستان ، گەر بەشی ئەوەندەشی تیا بێت و بوێرێ و بە خۆدا بپەرمێ ، ئامراز و کەرەسەی لێ پێچینەوەی نیە و ئەشی پەنا بەرێتە بەر یاسای عێراقی و ئاکامی ولو پەنا بردنێکیچ ژ نها رە خویایە . جە ڕیکارێک هانا دە یەکەم سەربەخۆیی ئابووری و پاشان سەربەخۆیی سیاسی و سەروەری نەتەوەیی کورد و کوردستان کوێر ئەبێتەوە .

بەری چەند ساڵێک دەسەلاتی باشوور هەنگاوێکی بوێرانەی هاوێشت و هەوڵی پێک ئانیا سەرخۆەبوونا باری ئابووری کوردستانی دا و بەکردەوە ژی هەنەک پێشکەتن دە ڤێ بوارێ دە دەستەبەر کر . کارڤەدانا حکومەتی بەغدا ژی ئەوە بوو کە بەشە بوودجەی هەرێمی بری کە بووە سەرچاوەی قەیرانی ئابووری و قەیرانی ئابووریچ ڕێ خوەش کر ئەڕای قەیرانی سیاسی و ئاڵۆزی و پشێویی کۆمەڵایەتی کە هەیا نووکە ژی بەردەوامە . وەکی ژ هەمیان رە خویایە مەردم کوردستان باجێکی فرە قورس و گران دان ئەڕای ئی دۆخە و ئی کارەی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان . لێ ، لێ ، هەر هەمان دەسەڵاتی سیاسی خەریکە ڕەنج مەردمەکە وەخەسار بەریتەی و دەسکەفتەکەی سەربەخۆیی ئابووری بەبا دەی . گرێبەستە ناپیرۆزەکەی حکومەتی هەرێم وەگەرد

کۆمپانیای دیلۆیت سەربەخۆیی ئابووری هەرێم ئەکوژێ بەوەی کە ئیدی ئیرۆ شوون دە ئیتر ئەوە جەردە و دزەکانی دیلۆیت ئەبن کە جڵەوی ئەو کەرتە سەرەکی و گرینگ لە پلەی یەکەمی ئابووری کوردستان ئەگرنە دەست خۆیان و گۆر دەق و ناوەرۆکی گرێبەستەکە حکومەتی هەرێم مل کەچی بەناو پێشنیار و رێکارەکانی دیلۆیت ئەبێتن . سەرباری ئەم بەزمە قرێژە و ئەم بەبادانەی دەسکەوتی چەند ساڵە خەباتی ئابووری و قوربانی کردنی ئەو هەمکە دەرد وئازارەی بێ مووچەیی و دەس کورتی و نەبوونی یە ، کەوا و کلۆنجە ڕێ ڕێ کانی دیلۆیت لە سەر بنەما و جە چارچێڤا یاسای عێراقی کار دەکەن . ئەمە ژی بە وی واتا تێ کە سەرەکی ترین و کاریگەرترین کەرتی ئابووری کوردستان واتە کەرتی نەوت و گاز بە گوێرەی یاسای ئەو عێراقە بەڕێوە ئەچێ کە وەک داگیرکەری ڕاستەوخۆی باشووری کوردستان و وەک کۆی داگیرکەری عارەب و عەجەم ، ئێرانی و عێراقی و سووری ، چاوی بە بوونی کوردستانێکی سەربەخۆ دا هەڵ نایێ . پەی کوێرکردنەوەی ئاسۆی سەربەخۆیی کوردستان و چێ کرنا ئاستەنگ و کۆسپ و تەگەرەی فرە گاورە و گران جە سەر ڕێچکا ئەڤ مژار ، داگیرکەرێن عارەب و عەجەم دخازن کو سەربەخۆیی ئابووری کوردستان لەو ئاستەی کە دابین و دەستەبەر کریاگە بخنکێنن . گرێبەستی حکومەتی هەرێم وەگەرد دیلۆیت ڕێکاری ئەم ستراتیژیە نگریسەی وان داگیرکەرانە و لێشیان ناگیرێت . مرۆڤ دەکارێ بووشت کە ئەو چاکسازیە ئابووریی یە کە سەرۆکی حکومەتی هەرێم و جێگرەکەی ئاماژە وەپی ئەکەن لە پێوەندی گرێبەستەکەیان وەگەرد دیلۆیت ، پەتی لە سێدارەدان و خنکاندین سەبەخۆیی ئابووری کوردستانە کە بە دەستی خۆیان دە ملی کۆمەڵگای کوردەواری ئەنێن ، بە زانا بوون ئانکوو نەزانی .

ژ هەر وڵاتێک مینا عێراق کە شیرازەی کاروباری تێک ئەچێت ، دەرفەت و دەرەتانێکی گەلێ باش ئەرەخسێ کە کۆمەڵێک کۆمپانیای ناوزراو وەکو دیلۆیت هەلەکە بقوزنەوە لۆ مەبەستی تاڵان و پەوەی بێ سەرە و بەرە و چاوگەی سامان و داهاتی وڵاتە بەڵا لێدراوەکە هەڵ لووشن بە بێ ئەوەی کەس لایان لێ بکاتەوە . ئەزموونی عێراق و لیبی دەری ئەخاتن کە پاش تێک چوونی وڵاتەکە کوردەکەو ماچۆ هەر کەس و ناکەسێک ڕادەبێت و کۆمپانیایەکی ڕاستەقینە ئانکو درۆزنانە لۆ مەبەست گەل خاپێنەر و چەواشەکارانە ساز ئەکات و دەس دەکات بە ڕاو و ڕووت و تاڵانکاری . دیلۆیت و هاوشێوەکانی وەستای چووەدەرکردووی ئەم بەزمە نامرۆڤانە و چاوچنۆکانەن . هیچ دوور نیە کە دیلۆیت بۆشایی و نەبوونی بنەمای یاسایی باشووری کوردستانی بە هەل زانیبێ و مژاری کێشەی بەغدا و هەولێری لۆ مەبەستی هەڵ لووشینی سەدان ملیون دۆلاری سامانی باشووری قەیران لێدراوی لۆ خۆی پێک هێنابێ .

دیلۆیت و هاوشێوەکانی وەستای سازکردنی ئەو دیاردە گڵاوەی سەرمایەداری هاوچەرخن کە بە " حەشارگەی باج - tax haven " تێتە ناسین لۆ خۆدزینەوە لە باج ئەڕای دز و پارەپیس و ناپاکانی

پارەپەرەست و سووخۆران . دۆخی هەنووکەیی باشووری کوردستان بەو بێ سەرەوبەرەیی یاسایی یەوە لەبارترین دەرفەتە لۆ دیلۆیت پەی سازکردنی حەشارگەی باج ژ بۆ مشتەریە دزەکانی . گومانیچ لەوەدا نیە کە مەردم کورد باجی ئەو ڕیکارە مافیایی یەی دیلۆیت ئەدەن و حکوومەتی هەرێم ژێ لێی بەرپرسیارە .

ڕیکاری گشتی و زانراوی وڵاتانی کوردەکەو ماچۆ خواپێداو و سەقامگیر ئەوەسە کە یان یاسای پەسەندکراو و چەسپاو لە ئارادایە لۆ بەستنی گرێبەستێک وەک ئەوەی دیلۆیت و حکومەتی هەرێم ئانکو هەر گرێبەستێک لەو بابەتە ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران ئەکرێتن و لە ئەگەری پەسەند کردنی لەو دەزگایە ئەکەوێتە بواری جێ بە جێ کردن وەکی دن مینا ڕەش نووس و بەڵگەیەکی بێ بایەخ ئەمێنێتەوە . ژ باشوور نە یاسای پەسەند کراو هەستۆ و نە ئەنجومەنی نوێنەران کارایە . شێوازی بەڕێوەبەری باشووری کوردستان فرەتر وەکی شێوازی گەڵاڵە و حاجی ئۆمەرانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردووە لە لایەن مستەفا بارزانی یەوە . لەوساڵانە دا ئەوە تەنیا مەلا مستەفای بارزانی و دوو کوری نەوەکامی بوون کە کاروباری شۆڕشی باشووریان هەڵ ئەسووران . لەو دۆخە دا چ بوارێک پەی " مەکتەب سیاسی پارتی و تەنانەت عوبەیدوڵا و لوقمانی کوری بارزانی و فاخری حەمەئاغای مێرگە سوور و ئەحمەد تۆفێق (عەبدوڵای ئیسحاقی ) و شێخ ئەحمەدی بارزانی و کورەکانی و هتد نەمایەوە تاوەکو بکارن بە ئەرکێن کوردێنێن خوە ڕابن . ئەو دۆخە ، شەڕی ماڵ وێرانکەری ناخۆیی جەلالی و مەلایی و ڕەشترین پەڵەی شەرمەزاری لێدان و کوشتن و ڕادەست کردنەوەی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و لە ئاکام دا گاورەترین کارەساتی مێژوویی ئاشبەتاڵ و شکانی شۆڕشی کوردانی لێ کەوتەوە . سەرەڕای ئەمانەش دەنگۆی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی لە ناو خەڵکا نەخاسما جە ڕۆژئاڤای کوردستان بڵاو ئەکرێتەوە . شپرزەیی و تێکچوونی باری ناوخۆیی یەکیەتی نیشتمانیی و دوور خستنەوەی گۆران لە دەسەڵات و حکومەت و دەزگای بەڕێوەبەری باشوور و هەر وەتریش پەککەوتنی ڕێککەوتنی یەکیەتیی و گۆران ، بە کردەوە ئەو مەترسیەی هێناوەتە هۆلێ کە شێوازی بەڕێوەبەری گەڵاڵە و حاجی ئۆمەران لە هەولێری ئیرۆژی دە زەق تەرتەر بیتن . مەترسی ئەم مەترسیەش لەوانەیە چەند قاتی ئەو مەترسیانە بێت کە کورد بە گشتی چەشتی .

کەمایەسی و کورت هێنانی لەم بابەتە لە سەرووی هەرە سەرووی بزاڤی نەتەوەیی کورد بەرەو ئەوە یەچێتن کە هەلە مێژوویی یەکەی ئێستای کوردستان لە کیس کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکەی بچێت . وەک دیارە ، پ ک ک چ ئاسۆیەکی ڕوونی ئەڕای کورد جە باکوور و ڕۆژئاڤای کوردستان نەهێشتوەتەوە و ئەوەتا لە ڕۆژئاوای بەڵای پ ک ک و بەعس لێدراو خەریکن وردە وردە ئەوەندە دەسکەوتی کوردان کە بەنرخی سەدان و هەزاران ڕۆڵە و تێکۆشەری کورد دەستەبەر بووگە،

ڕادەستی ڕژێمە نگریسەکەی بەعس ئەکەنەوە . ڕۆژئاڤا لە کوردان واڵا و چۆڵ بووگە و ئەوەی محەمەد تەلەب هەلال و بەعس بە زەناری عارەبی و سیاسەتی عارەباندن و توانەوە و تونە کرنا کوردیەل بۆیان نەچووە سەر ، پ ک ک لۆیانی جێ بە جێ کردووە . هەولێری حاجی ئۆمەران ئاسا دە هەمبەر ڤێ دیاردەی دژە کوردی دەستەوسانە و بووتە هۆکارێک ئەڕای لەناوچوونی ڕۆژئاڤای کوردستان ، لە کاتێکدا کە هەر هەموو تاکێکی کورد بەرپرسیارە لەو کارەساتەی پ ک ک بە سەر ڕۆژئاڤای کوردستانی دا هێناوە .

وادیارە کە هەر ئەم بابەتە هەولێرە ، پاش ئەوەندە ساڵە لە دەسەڵاتداری و دام و دەزگای زانستی و زانستگە و پەروەردەی ناوخۆیی و دەرەکی و هەژمارێکی زۆری لێزان و پسپۆڕی بواری ژمێریاری و بازرگانی و پێشەیی ، بەشی ئەوەندی بە دەستەوە نیە کە بکارێ بە دەخڵ و داهات و دەرچوو و تێچووی نەوت و گازی خۆی ڕابگات و ناچار بووگە دز و جەردە و فێڵەباز و گزیکاری دیلۆیت بە نرخێکی فرە گران و زۆر دابمەزرێنێ . ئەوەش بەو واتا تێتە تێ گەیشتن کە کورد وەک نەتەوە و گەل و کوردستان وەکی وڵات هێژ لەو ئاستە دا نیە کە بتانێ بە کار و باری خۆیا ڕابگات کە خۆی لە خۆی دا نیشانێکە ئەڕای بیرۆکەی ڕەگەزپەرەستی و سووکایەتی کرن بە خەڵکێکی کەونئارا .

ئەم کارەساتە کاتێک پتر خویا ئەبێتن کە چاڤەک بە کارنامەی ڕەش و دزێوت کۆمپانیای دیلۆیت را بخشێنین داکو مەردم کوردستان بزانن دەگەل چ حەفیا و مافیایەکی پاشەڵ پیس دا تووش بووگن . چەواشەکارانی میدیایی و لە پێش هەمووشیانەوە ڕووداو زۆر بە گەرمە باسی دیلۆیت ئەکەن و وەکو کۆمپانیاێکی جیهانیی بە ناوبانگ و ناسراوی جیهان ئەی شناسێنێ . ئیدی چ ئاماژەیەک بە کارنامەی دزی و فێڵەبازی و دەس پیسی ئەو کۆمپانیایە ناکەن و خەڵک لەوە ئاگادار ناکەنەوە کە بە سەدان و هەزاران دۆز و دۆزگری یاسایی و تاوانکاری لە سەر دیلۆیت تۆمار کریاگە و ئەم بابەتە کۆمپانیانە و هاوشێوەکانی بووگنەسە سەرچاوەی نەهامەتی و ڕۆژەڕەشی سەدان و سەدان ملیۆن خەڵکی هەژاری گشت جیهان لە ڕۆژ ئاڤا و ڕۆژهەڵات و ئافریکا و ئامریکای لاتین . داهاتی ساڵانەی ساڵی پاری دیلۆیت پترلە ٣٥ میلیارد بوو بەبێ ئەوەی تاقە یەک سەلکە پیازی بەرهەم هێنابێ و بایی یەک تاقە دۆلار شتێکی بایەخداری بەرهەم هێنابێ ئانکو کورد گوتەنەی تاقە یەک دڵۆپ ئارەقەیان رشتبێ . مشە و مفتەخۆریی لەمە فرەتر نابێ . سروشتی ئەم بابەتە دزی یە وەکی مڵە و کەڵەیە . ئەوەش کە دیلۆیت ئەم بەزمەی بۆ ئەچێتە سەر دەزڤرێتەوە بۆ ئەو ڕاستی یە کە ئەم مڵانە سنگی خۆیان لە جیهانی بۆگەن و گەندەڵی سیاسی ڕۆژئاوایی داکوتاوە و دزەیان کردوەتە ناو هەموو جمگەیەکی دەوڵەت و حکومەت و ڕەوتی سیاسی . دیلۆیت بووەتە حەشارگە و ماڵێک ئەڕای کۆنە سیاسی و وەزیر و گزیری ڕۆژئاوایی یەل . کابرایەکی وەکی تۆنی بلێری ئینگلیزیان کە مەترسی لێ پێچینەوەی تاوانکاری شەڕی لە سەرە ، خۆی لە ژێر سێبەری ڕاوێژکاری عارەب و

جووله‌كه شارده‌وه . ساركۆزی فه‌رانسه و ئاڵ گۆری ئامریكی و جان مه‌یجه‌ر و گۆردن پراونی ئینگلیزی و تێكڕای كۆنه وانێكه‌كانی سیاسه‌ت وه‌ک ڕاوێژكار تێنه بكار ئانین ژ ئالیێ كۆمپانیای وه‌كی دیلۆیت . ئه‌مه‌ش ئه‌و بواره‌ی به دیلۆیت و هاوشیوه‌كانی داوه كه له ڕێگه‌ی ئه‌و بابه‌ته سیاسیانه‌ی ڕۆژئاواوه بوونی مشه و مفته‌خۆرانه‌یان به هۆی یاساوه به سه‌ر گه‌ل و وڵاتان دا داسه‌پێنن و ئه‌وه بكه‌نه یاسا كه چاوه‌دیری و ژمێریاری و مژاری باج و ڕاوێژكاری ماڵی و هتد ببێته به‌شێكی ئابووری سه‌رمایه‌داری . ئه‌مه‌ی باشووری كوردستانیچ جێگه‌ی ڕامانه كه ته‌نانه‌ت له نه‌بوونی یاسایه‌ک هانا، حكومه‌تی هه‌رێم مل كه‌چی دیلۆیت ئه‌بێ و به كارێكی باش و چاكسازی ئابووری هه‌رزان فرۆشی ئه‌كاتن و به‌رژه‌وه‌ندی خه‌ڵكی كوردستان ئه‌كاته قوربانی لۆ كۆمپانیا ده‌ره‌كیه‌كان .

دیلۆیت گه‌ڵاڵه‌یه‌كی ئاڵۆز و پێچه‌ڵاوپێچی له موریتانیا داڕشت و ئه‌و وڵاته‌ی هێنایه سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه كه ئه‌ڕای ڕاكێشانی سه‌رمایه‌ی ده‌ره‌كی و ڕۆژئاوایی بۆ وڵاته‌كه‌یان و په‌ی مه‌به‌ستی گه‌شه‌دان به باری ئابووری ، ژماره‌یه‌ک په‌یمان نامه وه‌گه‌رد ژماره‌یه‌ک له وڵاتانی ئافریكایی له مژاری باج و گواستنه‌وه‌ی سه‌رمایه‌ی ماڵی ببه‌ستێ . پاشان دیلۆیت ئه‌م ده‌سكه‌وته‌ی له كۆربه‌ندی G8 له ئیرله‌ندی باكوور پێشكه‌ش كرد . پتر له ٨٠ ڕێكخراوی نێونه‌ته‌وه‌یی له بانكه زله‌كان وه‌كو سیتی بانک و بانكی جیهانی و ستاندارد بانک و هتد به‌شداری كونفرانسی دیلۆیت بوون . له ئاكامی ئاوه‌ها ڕیكارێک سه‌رمایه‌ی ڕۆژئاوایی ڕوو له‌و وڵاتانه ئه‌كه‌ن و گه‌ڵاڵه‌كه‌ی دیلۆیت ئه‌قوزنه‌وه بۆ مه‌به‌ستی خۆ دزینه‌وه له باج و خه‌راج . له ئاكامی گه‌ڵاڵه‌یه‌كی وه‌كی ئه‌مه‌ی دیلۆیت كۆمپانیایێكی شه‌كه‌ر ئی ده ئینگلیزیان له زامبیا ئه‌وه‌نده باجی دزی ، ئه‌ڵبه‌ت له ڕیكارێكی یاسایی وه‌ک ئه‌وه‌ی دیلۆیت، كه به‌شی دابین كردنی خوێندنی سه‌ره‌تایی ئه‌ڕای ٤٨٠٠٠ مناڵی ئه‌و وڵاته‌ی ئه‌كرد ، گۆر هه‌ڵسه‌نگاندی به‌راوه‌ردكاری Actionaid . حكومه‌تی هه‌ریم ، به هه‌ر هۆیه‌كه‌وه بێت ، خۆی ئاوێته‌ی بازرگانی و به‌زمی گرێبه‌ست و په‌یماننامه له‌گه‌ڵ ئه‌م بابه‌ته كۆمپانیانه كردگه و داهاتووی ژیان و ژیاری كۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری خه‌ڵكی كوردستان و نه‌خاسما خه‌ڵكه هه‌ژاره‌كه‌ی ئه‌خاته مه‌ترسی سوور و گاریكه‌ر و له‌و ئاقاره‌وه به‌ره‌و داهاتوو داژوێ .

جه وڵاته‌كه‌و ئیمه فره كه‌من ئه‌و كه‌س یه‌له كه به قوت بوونه‌وه‌ی ده‌عبایه‌ک مینا دیلۆیت ، دوای بكه‌ون و بیناسن و بیناسێنن و خه‌ڵک ژ ماک و كۆک و كروكیان ئاگادار بكه‌نه‌وه و له قاوی بده‌ن و تڕۆی بكه‌ن و ڕیگا نه‌ده‌ن كه كاربه‌ده‌ستی نابه‌رپرسیار وه‌كی حكومه‌تی هه‌رێم به ئاره‌زووی خۆی وازی به چاره‌نووس و سامان و ژیانی خه‌ڵكه‌وه بكات . كه ئێژن نه‌یاری سیاسی ده‌سه‌ڵات ئانكو ئۆپۆزیسیۆن ، ئا له وه‌ها بابه‌تێک دا ده‌رئه‌كه‌فێ كه به ئه‌ركی نیشتمانی خۆی ڕاده‌بێ و ده‌گه‌ڵی دا ژی توێشووی سیاسی داهاتووشی ده‌سته‌به‌ر و مسۆگه‌ر ئه‌كاتن . ڕۆژنامه نووس و لێكۆڵه‌ر و ئاكادیمیای به‌ده‌ربه‌س و خاوه‌ن زانیاری و ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی نوێنه‌ران و سازی و ده‌زگای

نادەوڵەتی و سەربەخۆ و هتد ئەو خەڵکانەن کە وڵاتانی خوا پێداو دا ئەرکی ڕوون کردنەوەی هەر کار و بارێکی لە بابەتی گرێبەستی دیلۆیت و حکومەتی هەرێم دە ئەستۆی خوە دەگرن . ئەم دیاردەیە ژ کوردستان نابینرێ و ئانکو جە ئاستی پێویست دا نیە . هەر لۆیە چ کاردانەوەیەکی ئەوتۆ جە هەمبەور ئەو گربەستەدا بەر چاو ناکەوێ وەکی تە بێژێ چ ڕووی نەداوە و چ نەقەوماوە .

"دیلۆیت لە ئافریکا " ناونیشانی شرۆڤەی دەزگای Actionaid ی ئینگلیزی یە کە ڕووی دزێوی کۆمپانیای دیلۆیت ئاشکرا ئەکات و دەبێژێ کە " دیلۆیت لە ئافریکا ئامۆژگاری بازرگان و پارەپەرەستان ئەکاتن کە چۆن خۆیان لە دانی باج بدزنەوە ئەویچ لە هەژارترین وڵات لە جیهانا ". دۆخی ئافریکای تووش بوو بە تەون و تەپکەی مافیایی دیلۆیت و هاوشێوەکانی گەێشتە ئەوڕادەی کە کۆفی عەنان، سەرۆکی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان لێی هاتە دەنگ و گوتی : " ئەوە بێ ویژدانی یە کە هێندێک کۆمپانیا ڕێکاری ناپەسەند پەی خۆ دزینەوە لە باج و نرخی گوستنەوە و کۆمپانیای خاوەن نەناسراو بەکار تێنن لەبۆ هەڵدانی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان لە کاتێک دا بە ملیۆن ئافریکایی بە بێ خواردنی تەواو و لەبار و پەروەردە و تەندروستی ژیان بەڕێ ئەکەن " . ناو و نیشانی شرۆڤەکەی Actionaid ئەمەی خوارەوەیە لەبۆ ئەوانەی پێویستیان پێ بێ .

https://www.actionaid.org.uk/sites/default/files/publications/deloitte_in_africa_1.pdf

ئاوستین میچل ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئیگلیس و پرێم سیکا لە زانسگەی ئێسەکسی بریتانیا ، پرۆفسۆری ژمێریاری ، لە کارێکی شرۆڤەکاری و لە دوو توێی پەرتووکێک دا لە ژێر ناوی "مافیای ناوچاو قەشان ( دەشکرێ کە بە مافیای بەرگ ڕێ ڕێ ئانکو کلۆنجە ڕێ ڕێ – وەک گورانیەکەی حەسەن زیرەک وەبگێردرێت ): چۆن کۆمپانیای ژمێریاری کۆمەڵگا لە ناو ئەبات " ( THE PIN-STRIPE MAFIA: HOW ACCOUNTANCY FIRMS DESTROY SOCIETIES) گەلەک بە باشی لە کارنامەی دژە مرۆڤانەی دیلۆیت و هاوشێوەکانی ئەکۆلنەوە و زانیاری فرە باش و بەکەڵک ئەدەن بە دەستەوە لەم مژارە دە. پرانە ئەو ناوونیشانانەی خوارەوە بۆ زانیاری فرەتر :

http://visar.csustan.edu/aaba/PINSTRIPEMAFIA.pdf

https://www.youtube.com/watch?v=qvyv6oP3uKg

https://www.youtube.com/watch?v=qvyv6oP3uKg

ئەمانە و هەزاران بەڵگەنامە و شرۆڤە و کارێن دن ئا پڕ بایەخ جە بەردەستی ڕای گشتی دان لە ڕێگەی ئینترنێت و میدیا گشتی و تایبەتیەکانەوە . تێکڕای ئەم زانیارانە ئاماژە بەوە ئەکەن کە سەدان و بگرە هەزاران دۆز و دۆزگری یاسایی و تاوانکاری لە دژی دیلۆیت ساز کراوە و هەر هەموویان بەڵگەن

ئەڕای پاشەڵ پیشی ئەو کۆمپانیا جەردە و دز و چەواشەکارە لە سەر ئاستی جیهانی دا . هێنانەوەی هەموو بەڵگەکان لێرەدا ناگونجێ و لەوانەیە کوردەکەو ماچۆ پەرتووکێکی حەوت مەنی پێویست بێت کە دیارە بیر و هزری خوێنەری کورد هیلاک و وەڕەز ئەکات .

ئەوەی میدیای ڕووداو وەک پێشەی پێ سپێردراوی دەرخوادی خەڵکی کوردی ئەدات و دەیێژێ کە دیلۆیت کۆمپانیایێکی جیهانی یە ڕاستە و ئەوەش هەر ڕاستە کە تاوان و پاشەڵ پیسیەکەشی جیهانی یە و گشی جیهانی گرتوەتەوە ، نەمازە لە دژی بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و کەم داهاتی جیهان . بە گوتەیەک دن هەژاری و نەهامەتی و ڕۆژەڕەشی خەڵکی جیهان ئاکامی کار و کردەوەی دژە مرۆڤانە و هۆڤانانەی ئەو بابەتە کۆمپانیانە وەکی کۆمپانیای دیلۆیت ە . گوتەیەکی شکێسپیر گەلەک رند ئەم جانەوەرە نامرۆڤانە ئەگرێتەوە کە دەیێژی : " دۆزەخ چۆڵە ، و هەموو ئەهریمەنەکان وان لێرە " .

دوو هاوتاکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە واژۆکردنی گرێبەستەکەیان دانیشتووی سعوودی و ئەماراتی عارەبین و کار وفرمانی دیلۆیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوێن بەڕێوە ئەبەن . نیڵ هارگریوس لە سعوودی و ئەمارات و ئوردون و عێراق و بەحرێن و قەتەر و عومان و میسر چالاک بووگە . ئەم کابرایە دۆزێکی یاسایی لە سەر تۆمار کراوە لە ئینگلستان لەساڵی ٢٠٠٧ دا . سەیرەکەش لەوەدایە کە ئەم کابرایە دەرمانسازە و دەرمانسازیی خوێندووە و دەبا دەرمانخانەیەکی ڕێک و پێکی لە کوردستان دا دابنابا کەچی ئەوەتا لێگرە ، لە کوردستان ئەیێتە چاوەدێری بواری نەوت و گازی کوردستان . رۆبێرت ئۆهانلۆن ژی لە لیبیا و یەمەن و عومان کاری لۆ دیلۆیت کردوە و هەرتکیان گرێ دراوی جیهانی عارەبین و بەرژەوەندی خۆیان و کۆمپانیاکەیان بە بەرژەوەندی پاشا و شێخ و سەرۆکی عارەبانەوە تێکەڵ کردوە . کورد ژی گەرەکە کە بە باشی و وریایی یەوە ئاگاداری ئەم ڕاستیانە بن و ئەو ڕاستیە ژی بزانن کە کوردستان بە گشتی و دەسەلاتی هەرێمی باشوور بە تایبەتی لە کێشی دا نیە مل دە ملی پارەپەرەستانی عارەب و بەراتدەرانی ڕۆژئاوایی یان و کۆمپانیای دیلۆیت بنێن .

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

٢٠١٦/١٠/٧